### لۆزان فایەق یاریزانی فوتساڵی دووکان

# ئاوات و خەونی من ئەوەیە تیپی تۆپی پێی کچان لە کوردستان بەرەوپێش بچێت



**تیپی فوتساڵی یانەی دووکان یەکێکە لەو تیپانەی کە لە قەزای دوکان گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدات، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری دووکان تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی لەم وەرزەدا بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات لە خولی فوتساڵی نایابی کوردستان، لۆزان فایەق یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی شاری دووکانە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

فۆتۆ: هونەر یەعقوب



*** ئاستی یاری فوتساڵ چۆن دەبینی کە ساڵانە خولتان بۆ دەکرێتەوە؟**

- یاری فوتساڵ لە ئێستادا لە ئاستێکی باشدایە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- بێگومان نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی و کەمی چالاکیەکانی ئەم پاڵەوانیەتیە هۆکاریی دیارە بۆ ئەوەی بەرەوو پێش نەچێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری فوتساڵ ئاستی بەرز بێتەوە؟**

- بۆ ئەوەی یاری تۆپی فوتساڵ بەرەووپێشبچێت، پێویستە زیاتر گرنگی بە کچان بدرێت و پاڵەوانێتی زیاتر ئەنجام بدرێت لەسەر ئاستی کوردستان هاوشانیش هاوکاری مادی بکرێن بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین ئاستی باشتر پێشکەش بکەین.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چی ڕەنگدەداتەوە؟**

- گرفتەکانی ئەم یارییە لە کەمی پاڵەوانیەتی و گرنگیدانی زیاتر بە تۆپی پێی کوڕان لە چاو تیپەکانی کچان.

*** لەهیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەشکراوە؟**

- تاکو ئێستا نەخێر بۆم نەهاتووە.

*** بەرنامەت چیە بۆ داهاتووی خۆت؟**

-لە داهاتووش بەردەوام بم لەم یارییە، چونکە یاری تۆپی پێی بۆتە بەشێك لە ژیانم هاوشانی خوێندنەکەم بەردەوام دەبم لە تۆپی پێی.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس؟**

- پێشنیاردەکەم گرنگی زیاتر بە یاری تۆپی فوتساڵی کچان بدرێت، چونکە کچە یاریزانی زۆر بەتوانامان هەیە، بەهیوای ئەوەم پاڵەوانیتی زیاتر بکەنەوە بۆ یاریزانانی کچان.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

- هەرکاتێك پێویستیان بەمن بێت ئامادەم.

*** خەونی وەرزشیت چیە وەکو یاریزان؟**

- ئاوات و خەونی من ئەوەیە تیپی تۆپی پێی کچان بەرەوپێش بچێت لە کوردستان، و یەکێك بم لە یاریزانە بەتواناکانی کوردستان بتوانم خزمەتی وولاتەکەم بکەم.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەوە خەونی منە و خۆشم یەکێك بم لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە.

*** بە کام یاریزانی جیهانی سەرسامیت؟**

- میسیی ئەرجەنتینی.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایدا؟**

-دەمەوێ سوپاسی تایبەتی ئێوە بکەم بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی کە لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان پێشکەشی وەرزشکارانی دەکەن.




# کچانی دەربەندیخان نموونەی یاریگاکانی کوردستانن




تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخان ئەمساڵ توانی سەربکەوێت بۆ خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، شان بە شانی یانەی شێروانەش نوێنەرایەتیی دەڤەری گەرمیان دەکەن لە خولەکە، لە هەر یارییەکی یانەکە لە دەربەندیخان رێژەیەکی زۆر لە ئافرەتان و کچانی ئامادەی بینینی یارییەکانی یانەکە دەبن و بە جۆش و خرۆشەوە هانی تیپەکەیان دەدەن، کچانی ئەو شارەش بۆ ماوەی دوو ساڵە دەستەی هاندەرانیان پێکهێناوە، کە بە ئاڵاکانیان لەگەڵ سەرجەم هاندەرانی شارەکە لە توێژە جیاوازەکان هانی کورانی شار دەدەن، هاتنی ئافرەتیش بۆ ناو یاریگاکان بەتایبەتی لە دەربەندیخان بۆتە نەریت و کولتوور، هەر لەم بارەیەوە گۆڤاری گوڵان راپۆرتێکی لەسەر ئامادەبوونی ئافرەتان لە ناو یاریگای دەربەندیخان ئامادە کردووە، کە نموونەیەکی جوانی وەرزشیی بەم شارە بەخشیوە.

راپۆرتی: کارزان کانەبی - فۆتۆ: هەرێم عومەر



**راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخان (هۆگر عەبدوڵا)، رۆڵی هاندەرانی تۆپی پێ لە دەربەندیخان بەرز دەنرخێنێت و هەر لەو بارەیەوە تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان دەڵێت:** «دەستخۆشی لەو هاندەرە دڵسۆزانە دەکەم، بە راستی یاریزانی ژمارە ١٢ن بۆ ئێمە، بە هیوای ئەوەم هەمیشە پاڵپشتێکی باش بن بۆمان، هیواداریشم هاندەرانی یانەکانی دیکەش بە هەمان شێوەی هاندەرانی کچانی شارەکەمان ئامادەییان هەبێت لە ناو یاریگاکان، بۆ ئەوەی سیمای یاریگاکانمان جوانتر بکەن.»

سەرۆکی پێشووی دەستەی هاندەرانی کچانی یانەکە (میهرەبان تۆفیق) تاکە ئافرەت بووە کە ساڵانێك بە تەنیا و لە تەنیشت هاوسەرەکەیەوە لە نێو یاریگاکاندا ئامادە بووە، وەك خۆی باسی دەکات بۆ زۆربەی خول و یارییە میللیەکانیش لە ناو یاریگە ئامادە بووە. هەر سەبارەت بەو رچەشکێنییەی لە بواری ئامادەبوونی کچان لە یاریگاکاندا دەڵێت: «جگە لە ئامادەبوونم لە یاریگاکانی ناو شارەکەم، لە دەرەوەی دەربەندیخانیش بۆ پاڵپشتیی برا وەرزشکارەکانم لە یارییەکانی باڵە و باسکە و تۆپی پێش ئامادە دەبووم، هەڵبەتە ئامانجێکم هەبوو کە دەمویست ئەو رێچکەیە بشکێنم و جیاوازی لە نێوان کوڕان و کچان نەبێت، سەرەتا لە کەسە نزیکەکانی خۆمەوە دەستم پێکرد، هەرخولێك بکرایەتەوە، خەڵاتێکی رێزلێنانی تیابوو بۆ من، کە ئەوە بە سەروەتی هەموو دنیا ناگۆڕمەوە، بەوەش ناوبانگێکم پەیداکرد و هەستم کرد کارەکەم چەند گەورە و پیرۆزە، خەڵکیش هەمیشە لە ئەکاونتەکەم، یان رووبەڕوو زۆر هانیان دەدام و دەستخۆشییان لێ دەکردم، خۆشبەختانە چەندین پۆست و نووسینیان لەسەر من دەنووسی، بۆ نموونە پێیان دەوتم «ژنە ئاڵتوونییەکەی شار»، زۆربەی تەلەفزیۆنەکانیش چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووم، ئیتر وردە وردە خانمەکان دەهاتن تا وای لێهات رێژەکە زۆرتر بوو، بەڵام بە پەرش و بڵاوی



و بە دەوروبەری یاریگادا بڵاو دەبوونەوە، شایەنی باسە دەستەیەکی هاندەرانی کوڕانی زۆر چالاك و بەتوانمان هەیە، کە زۆرهیلاك دەبن، یەکێك لە سەرپەرشتیارە دیارەکانی ئەو دەستەیە برای عەزیزم کاك هەرێم لالۆیە، رۆژێك پێی وتم: با چارەیەك بۆ ئەو هەموو خانمە بەرێزانە بدۆزینەوە و جێگایەکیان بۆ دابین بکەین، هەر لەو کاتەشدا کە مانگی نیسانی ٢٠١٨ بوو، یانەی دەربەندیخان لە پلە یەکەکانی کوردستان بوو، خاوەنی هاندەرێکی بێ وێنە و بێ شومار بوو بە ئێستاشەوە، بۆیە بە سەرپەرشتیی بەندە و بە هاوکاری زیاتر لە حەوت کچی چالاك و بەتوانا بە باجی تایبەتەوە بە هەماهەنگی برا بەرێزەکانمان لە دەستەی هاندەرانی کوڕان دەستەیەکی هاندەرانی خانمانمان دامەزراند، ئەرکەکانمان بریتی بوو لە رێکخستن و دانانی ئەو رێژە زۆرەی ئافرەتان لەلایەکی یاریگاکەوە بۆ هوتاف گوتنەوە و پاڵپشتیکردنی یاریزانەکان، بەڵام ئێستا من بە هۆی سەرقاڵیمەوە بە عەمەلی لە دەستەکە کشاومەتەوە، بەڵام لە رووی مەعنەوییەوە رۆژانە دەیانبینم و هەر شتێکیان هەبێ، لە خزمەتیاندام، بۆ ئەمجارە لەگەڵ کۆمەڵێك برایانی بەرێزم لە دۆستانی وەرزشی شارەکە ئەرکی کۆکردنەوەی هاوکاریی ماددیمان گرتۆتە ئەستۆ.»

**نژۆ ئەحمەد، ئەندامی دەستەی هاندەرانی یانەی دەربەندیخانە و لە بارەی کار و بەرنامەی خۆیانەوە بۆ گوڵان گوتی:** «ئێمە وەکو کچانی شاری دەربەندیخان بە رێژەیەکی بەرچاو بۆ یاریی تۆپی پێ لە یاریگا ئامادە دەبین، بەڵام بۆ یارییەکانی دیکەش چ تیپی کچان بێت، یان کوڕان، لە پێناو شارەکەمان ئێمە پاڵپشتییەکی باش و هاندەرێکی بەردەوامیان دەبین.» گوتیشی: «دەمانەوێ ئەم کارە بکەینە کەلتوور و بە هەموو شارەکان بڵێین هاتنی کچ بۆ یاریگا و هاندانی تیپەکەیان شتێکی ئاساییە و پێویستە رێگری لە کچەکانیان نەکەن.»

**ئادێستا فایەق، سەرۆکی دەستەی هاندەرانی کچانی دەربەندیخانە و سەبارەت بە ئامانجی دەستەکەیان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** «ئامانجمان شکاندنی ئەو کولتوورەیە کە یاریگا تەنیا بۆ کوڕان بێت، بۆ ئەوەی خانمانیش بتوانن بێنە یاریگا و پاڵپشتیی یانەکەیان بن، وەك چۆن ئێمە ئەو کلتوورەمان شکاند، هەموان لە لایەنی ماددی و مەعنەوییەوە پاڵپشتێکی زۆر باشی ئەم دەستەیەن، کە لە هەموو چین و توێژ و پلە و پۆستێکەوە یارمەتیی ئەم دەستەیەیان داوە، چ سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و بەرپرسی زۆرینەی حزبەکان بێت، یان کەسانی ئاسایی کە ئێمە بە پاڵپشتیی ئەوان لە هەموو یارییەك ئەو هەموو جوانییە بە هاندانمان پێشکەشی تۆپی پێ دەکەین، قەرزداری باشیی ئەوانین.» لە بارەی بەرنامەکانیشان بۆ هاندانی کچان و ئامادەبوونیان لە یاریگاکان، گوتی: «دەمانەوێت کچانیش لە یاریگاکان دوور نەکەونەوە و بونییان هەبێ و پاڵپشتییەکی باشی یانەکەیان بن، کچانیش وەك کوڕان ئەو رۆحیەتەیان بۆ وەرزش هەیە، بۆیە پێویستە لە یاریگا ئامادە بن، سوپاس بۆ خوا و بۆ هەموو ئەوانەی دێنە یاریگا کە یارمەتیدەر و پاڵپشتی ئێمەن، تا ئێستا هیچ کێشەیەکمان نەبووە، هەموان هاوکار و پاڵپشتی یەکین بۆ جوانترکردنی ئەو رۆحە زیندووەی کردومانە بە بەری خولی نایابدا».




# بارسە هاوكاری مەدرید دەكات

بە گوێرەی سەرچاوەیەكی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا، یانەی چێڵسی ڕەزامەندی دەربڕیوە بە ڕۆیشتنی ئیدین هازارد بۆ ڕیال مەدرید بە مەرجێك شوێنگرەوەیەك پێش ڕۆیشتنی بدۆزێتەوە، لەم پێناوەشدا بەرشلۆنە ڕازیبووە بە دەستبەرداربوون لە فلیپی كۆتینهۆ بۆ چێڵسی تا قەرەبووی ڕۆیشتنی هازارد بكاتەوە.

ماڵپەری ئاسی ئیسپانیا ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە، كە ئیدین هازارد لەسەر ڕۆیشتنی لە كۆتایی ئەم وەرزە بۆ ڕیال مەدرید سوورە، نوێكردنەوەی گرێبەستەكەشی لەگەڵ چێڵسی ڕەتكردۆتەوە.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، فلیپی كۆتینهۆ دیارترین بەربژێرە بۆ ئەوەی شوێنی ئیدین هازارد لە چێڵسی بگرێتەوە و بەرپرسانی بەرشلۆنە ئامادەن لە بارەی دەستبەرداربوون لەم یاریزانە بەرازیلییە دەرگای گفتوگۆ لەبەردەم چێڵسی دا بكەنەوە.

فلیپی كۆتینهۆی تەمەن ٢٦ ساڵ، لە زستانی ٢٠١٨ لە یانەی لیڤەرپوولەوە بە بەهای ١٢١ ملیۆن پاوەند ڕوویكردە بەرشلۆنە ، لەگەڵ بەرشلۆنە لە سەرجەم پاڵەوانێتییەكان ٦٤ یاری كردووە، ١٩ گۆڵ و ١١ ئاسیستی تۆمار كردووە.

# میسی و سیمیۆنی لە پێشەنگن

رۆژنامەی فرانس فۆتبولی فەرەنسی ڕاپۆرتێكی لەبارەی ئەو یاریزان و ڕاهێنەرانە بڵاوكردووە، كە ساڵی ڕابردوو لەجیهانی تۆپی پێدا زۆرترین داهاتیان هەبووە.

بەپێی ڕاپۆرتەكە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە لە پلەی یەكەم دێت بە كۆكردنەوەی ١٣٠ ملیۆن یۆرۆ، كە لەنێوان مووچەكەی و پاداشت و ئەو داهاتانەیە كە لە ڕێگەی سپۆنسەر و ریكلامەكان دەستی دەكەوێت.

كریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پۆرتوگالی و ئەستێرەی یانەی یۆڤانتوس بە كۆكردنەوەی ١١٣ ملیۆن یۆرۆ لە پلەی دووەم دێت.




نەیمار داسیلڤای بەرازیلی ئەستێرەی یانەی پاریس سانت جێرمان ساڵی ڕابردوو ٩١,٥ ملیۆن یۆرۆی دەستكەوتووە و لە پلەی سێیەمدایە.

لە پلەی چوارەمی لیستەكەدا ئانتوان گریزمان، ئەستێرەی فەرەنسی و یانەی ئەتلێتیكۆ مەدرید دێت بە كۆكردنەوەی ٤٤ ملیۆن یۆرۆ.

گارێس بەیڵ ئەستێرەی وێلزی و یانەی ڕیال مەدرید بەجیاوازیی ٤ ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ گریزمان لە پلەی پێنجەمە و ٤٠ ملیۆن یۆرۆی دەستكەوتووە.

لەسەر ئاستی ڕاهێنەران دییگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەری ئەتلێتیكۆ مەدرید بە كۆكردنەوەی ٤١ ملیۆن یۆرۆ لە پلەی یەكەمدایە.

خۆسێ مۆرینیۆ بە كۆكردنەوەی ٣١ ملیۆن یۆرۆ لە پلەی دووەمە.



# ڤاران ماڵئاوایی
# لە ریال مەدرید دەکات

بەپێی پرۆگرامی وەرزشی چیرینگیتۆی ئیسپانیا، کە وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکرا و بەهێز پشتی پێدەبەستریێت ئاشکرای کردووە، کە ڤاران لەسەر جێهێشتنی ریال مەدرید سوورە و بەرپرسانی یانەکەشی ئاگادار کردۆتەوە، کە دەیەوێت لە کۆتایی ئەم وەرزە لە ریال مەدرید بڕوات.

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ریال مەدرید زینەدین زیدانی راهێنەری راسپاردووە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ڤاران بکات و رێگەی رۆیشتنی لێبگرێت.

پێرێز لە ئەگەری بێهیوابوون لە مانەوەی ڤاران ئامادەیی دەربڕیوە بە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری بەرگریکارە فەرەنسییەکە بێت.

لە لایەکی دیکەیشەوە ماڵپەری سەنی بەریتانیا، هێمای بۆ ئەوە کردووە مانچستەر یۆنایتد دەیەوێت بە ٧٠ ملیۆن یۆرۆ لەسەر گواستنەوەی ڤاران کێبڕکێی یانەکانی یۆڤانتۆس و پاریس سانت جێرمان بکات.

ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە ڤاران حەز دەکات بۆ وەرزی داهاتوو رووبکاتە خولی ئینگلیزی و درێسی یانەی مانچستەر یۆنایتد بپۆشێت.

ڤارانی تەمەن ٢٥ ساڵ، لە هاوینی ٢٠١١ لە یانەی لێنی فەرەنسا بە ٩ ملیۆن پاوەند روویکردە ریال مەدرید و ٢٦٨ یاری کردووە، ١٢ گۆڵ و ٦ ئاسیستی تۆمار کردووە و ٤ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای بردۆتەوە.



تێری هێنری لە وەرزی رابردوو ٢٥ ملیۆن یۆرۆی دەستکەوتووە.

لە پلەی چوارەمدا پێپ گواردیۆلا بە کۆکردنەوەی ٢٤ ملیۆن یۆرۆ.

ئێرنێستۆ ڤالڤێردی بە کۆکردنەوەی ٢٣ ملیۆن یۆرۆ پلەی پێنجەمی ریزبەندی ئەو راهێنەرانەی گرتووە کە زۆرترین داهاتیان لە ساڵی رابردوو هەبووە.